www.kurdistannet.org
8-5-2003 15:53

# دەستگیر نەکردنی عزت دوری و تەها جەزراوی چی بیانوویەکی لە دواوەیە

سەلاح گەرمیان
germiyan@hotmail.com

کەس هەیە بە گومان بێت لە تاوانباربوونی ڕژێمی دکتاتوری لەناوچووی سەددام، یان بە واتایەکی تر هیچ کەسێك هەیە لاری بێت لە سزادان و دادگاییکردنی سەرانی ئەو ڕژێمە بێجگە لەوانەی کە دەستیان سوورە لە خوێنی قوربانیانی ئەو تاوانانە، ئایا ئەکرێت ئوباڵی ئەو تاوانانە هەمووی تەنها بخرێنە ئەستۆی سەددام حوسێن و ئەوانەی کە بەهەموو دڵسۆزیەکەوە سیاسەتەکانی ئەو دکتاتۆرەیان ئەنجام ئەدا و بەوپەڕی بێ ئەخلاقییەوە وەکو سەگی هار پەلاماری خەڵکی بێتاوانیان ئەدا و بوونە هۆی لە ناوبردنی سەدەها هەزار بێتاوان و دەستدرێژیکردن بەسەر ژنان و هەتیوکردنی هەزارەها منداڵ لە کوردستان بێجگە لە کاولکردنی هەزاران شار و شارۆچکە و لادی بە تایبەتی لە ئەنجامی سیاسەتی قرکردنی گەلی کورد لە قەسابخانەکانی ئەنفال و ژەهربارانی هەڵەبجەو دۆڵی بالیسان و گۆبتەپە وناوچەکانی تری کوردستان و لە ئەنجامی کوشتنی هەزاران لە ئازادیخوازانی گەلانی عێراق. ئایا کەسانێکی وەکو عیزەت دوری و تەها جەزراوی هیچ جیاوازیەکیان هەیە لە گەڵ سەددام حوسێن؟، مەگەر ڕژێمەکەی سەددام لەوان و لە دەستەو تاقمی چەتەکانی بەعس و دەزگاکانی ئەمن و موخابەرات و خۆفرۆشان وبازرگانانی خوێن پێکنەهاتبو. کەس هەیە تۆزقاڵێك خوێنی مرۆڤایەتی لە لەشیدا بجولێت بە بەرەڵاکردنی دەستەوتاقمی ئەو ڕژێمە قایل بێت و پێی ڕەوا بێت خوینی هەزاران هەزار ئینسانی ئازادیخواز و وژن و منداڵ پشتی گوێ بخرێت و تاوانەکانی ئەو نامرۆڤانەش خۆڵی لە بیرچونیان بەسەردابکرێت. ساڵەهای ساڵە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان لە چاوەڕوانی ئەمرۆژەدا ئەژین، کەچی مخابن وادیارە هێنانە دی ئەو ئاواتەشیان پێ ڕوا نابینرێت.

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر ئاشکرا بوو کە نۆکەرانی ڕژێم لە جاش و خۆفرۆشانی وەك "شیخ چۆپی" و "ئومێد مدحت موبارك" و جرو جانەوەری تر لە ئەمسالی ئەوان، لە بەغدا هەڵهاتن و لە شارەکانی کوردستان خویان گرتۆتەوە و بێ ئەوەی هیچ دەزگایەکی رەسمی دەسەڵاتدارانی کوردستان بریاری گرتنی ئەو تاوانبارانە بدات یان داوا لەخەلکی کوردستان بکەن شوێنەکانین ئاشکرا بکەن تا بدرێنە دادگا و رسوا و ڕوو ڕەش بکرێن.

لە کاتێکدا کەسو کاری قوربانێکانی ئەنفال و هەزاران بێسەرو شوێنکراوی تری کوردستان وچەندین ڕێکخراوەی جەماوەری لە ناو و دەرەوەی کوردستان بە تایبەتی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینوسایدی گەلی کورد "چاك" لە هەڵمەتی داوای دیاریکردنی چارەنوسی نادیاری دوسەد هەزار لە وانن و شتێکی بەڵگە نەویستە کە تاوانبارانی وەك عیزەت دوری و تەها جەزراوی بەرپرسیاری سەرەکین لەو تاوانە بێ وێنانە و هەر ئەوانیش لە هەموو کەسێك بە ئاگاترن لە بەسەرهاتی قوربانیانی تاوانەکانیان، لە هەمانکاتدا جیگری لیپرسراوی پارتی لە شاری موسڵ لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "ئەلشەرق ئەلئەوسەت" کە لە ڕۆژی ٤/ ٥/ ٢٠٠٣ بلاوبووەتەوە، بە ڕاشکاوی ئەڵێت کە ئەوان ئاگاداری ئەوەن کە عیزەت دوری و تەها جەزراوی لە " شاری موسڵ " دان وئەشزانن لە چی شوێنیکدان، بەلام کاریان بەسەریانەوە نیە.

ئەمەیان ئەبێت چی لەژێردا بێت ؟ بە ڕاستی جیێ پرسیارە. . گریمان بیانووی دەستگیر نەکردنی شێخ چۆپی و خۆفرۆشانی تری کورد چەشنێك بێت لە کوردایەتی، یان بە بیانووی ئەوەی کە ناویان لە ناواندا نیە، ئەی خۆ عیزت دوری وتەها جەزراوی لە نیوان لیستە رەشە پەنجاو پێنج کەسێکەی ئەمریکان، تۆ بلێی مام " گارنر " و هەڤاڵانی لەم بەزمەی پارتی ئاگادارین. ئەی ئەبێت بیانووی ئەمەیان چی بێت؟ بلێی پاداشتی ٣١ ی ئاب بێت. . . ئەمانە تەنها پرسیارن و بەدوای وەلامدا وێڵن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.